# تۆوێکی بچووک، چیرۆکی وانگاری ماتای


Nicola Rijsdijk
Maya Marshak
Agri Afshin

kurdisk (sorani)
nivå 3

(uten bilder)

له گوندێك له دامێنی چیایی کینیا له ڕۆژهەڵاتی-ئەفریقا، کچێکی بچووك لەگەڵ دایکی لەسەر زەوییەکانیان کاریان دەکرد. ئەو ناوی وانگاری بوو.

وانگاری پێی خۆش بوو هەمیشە لە دەرەوە بێ. خێزانەکەیان بێستانێکیان هەبوو. ئەو بە کێردێك عەرزەکەی دەکێڵا و تۆوی بچووکی دەخستە ناو عەرزە گەرمەکەوە.

بەلای ئەوەوە خۆشترین کاتی ڕۆژ، دوای خۆر ئاوابوون بوو. کاتێك هەوا تاریك دەبوو کە ئیتر نەدەکرا گژوگیا ببینێ، دەیزانی کە ئیتر کاتی ئەوەیە بگەڕێتەوە ماڵەوە. ئەو بە تەنیشت دێراوەکاندا دەڕۆیشت و بە تەپۆڵکەکاندا وەسەر دەکەوت.

وانگاری کچێکی زیرەك بوو و دەیهەویست بچێت بۆ قوتابخانە، بەڵام دایك و باوکی پێیان خۆش بوو لە ماڵ بمێنێتەوە و لە کاروبارەکانیاندا یارمەتییان بدات. کاتێك تەمەنی بوو بە حەوت ساڵ، برا گەورەکەی دایك و باوکی ناچار کرد کە رێگەی وانگاری بدەن بڕوات بۆ قوتابخانە.

ئەو حەزی لێ بوو شت فێر بێت! وانگاری لەو کتێبانەی دەیخوێندەوە، هەر دەهات و شتی زیاتر فێر دەبوو. ئەو ئەوندە زیرەك بوو لە قوتابخانە تاکو ئەوەی رۆژێك بانگهێشتیان کردە ئەمریکا بۆ خوێندن. وانگاری زۆر خۆشحاڵ بوو! ئەو دەیهەویست شتی زیاتر لە بارەی جیهانەوە فێر بێت.

وانگاری لە زانکۆی ئەمریکا شتی زۆر نویێ فێر بوو. ئەو لە بارەی ڕووەکەکانەوە دەیخوێند. ئەوەی کە ڕووەکەکان چۆن گەورە دەبن، هاوکات بیری لەوەش دەکردەوە کە ئەو خۆی چۆن گەورە بووە و لە دارستانە جوانەکانی کینیا لەگەڵ برایەکانی یاری دەکرد.

هەرچەند زیاتر شت فێر دەبوو، هەستی دەکرد زیاتر خەڵکی کینیای خۆش دەوێ. ئەو دەیهەویست خەڵك ئازاد و خۆشحاڵ بن و هەرچەند زیاتر فێر دەبوو، زیاتر بیری وڵاتەکەی خۆی لە ئەفریقیا دەکردەوە.

کاتێك ئەو لە خوێندن تەواو بوو، گەڕایەوە وڵاتەکەی خۆی. زەوییە کشتوکاڵییەکان زۆر گەورەتر ببوون و وڵاتی هەموو داگرتبوو. ژنەکان داریان نەبوو کە ئاگر بکەنەوە و خواردن دروست بکەن. خەڵك هەژار بوون و مناڵەکانیش برسی بوون.

وانگاری دەیزانی دەبێ چی بکات. ئەو ژنەکانی فێر کرد کە تۆوی بچووك بچینن. ژنەکان دارەکانیان دەفرۆشت و پارەکانیان بە باشی بۆ خێزانەکانیان بەکار دەهێنا. ئەوان زۆر خۆشحاڵ بوون. وانگاری وای لێکردن کە خەڵك هەست بە ئازایی و بەهێزی بکەن

کات تێدەپەڕی و درەختە نوێیەکان گەورە دەبوون و دارستان
دروست بوو. ڕووبارەکان دووبارە بووژانەوە. چیرۆکی وانگاری بە
هەموو ئەفریقیادا بڵاو بوویەوە. ئەمڕۆ بە ملیۆنان درەخت گەورە
دەبن بەهۆی ئەو تۆوە بچووکانەی کە وانگاری چاندبوونی.

وانگاری بە سەختی کاری کردبوو. خەڵکی هەموو دونیا ئەم کارانەی ئەویان بەرز نرخاند و بە ناوبانگترین خەڵاتیان پێ دا کە پێی دەڵێن خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ. وانگاری یەکەمین ژنی ئەفریقیا بوو کە ئەو خەڵاتەی وەرگرت.

وانگاری لە ساڵی 2011 کۆچی دوایی کرد، بەڵام ئێمە دەتوانین
هەرکات چاومان بە درەختێکی جوان دەکەوێ، ئەومان بەبیر بێتەوە.

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## تۆوێکی بچووك، چیرۆکی وانگاری ماتای

Skrevet av: Nicola Rijsdijk
Illustret av: Maya Marshak
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 4.0 Internasjonal Lisens.